# ئاگاداری بۆ هەموو کوردێک بەگشتی کوردەکانی ئیتالیاش دیار کراو

www. kurd. it

خۆشەویستان و بەڕێزان دوای نیو سەدە زیاتر خەبات و بە ڕووبار خوێنی شەهیدان و ڕەنجی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، بە هۆی کۆڵنەدان و خۆراگری گەلی بە هەستی کوردستان، توانیمان شادبین بە تروسکایی ئازادی و دەسبەر کردنی چەندین ماف، ئەمڕۆ هەموومان لەبەردەم گەورەترین مێژووی گەلەکەمان داین، وا لە سەرانسەری عێراق و جیهان دا دەنگدان ئەنجام دەدرێ، بۆ ئەوەی جارێکی تر کارەساتی هەڵبجە و ئەنفال و وێرانکاری کوردستان دووبارە نەبێتەوە، تا کوردستان بە سەربەخۆیی خۆی بگا پێویستی بە بوونی زەمینەک و سنوری دیار هەیە، بۆ ئەوەی شاری کەرکوک بگەڕێنینەوە سەر کوردستان، پێویستی بە خەبات و ڕەنجی هەموو تاکێکی کوردی هەیە، خۆشەویستان ئەمڕۆ خەبات گۆڕاوە لە چەک هەڵگرتن بۆتە دەنگدان، ئەگەر ئێمە بمانەوێ دوا ڕۆژی خۆمان و نەوەکانمان و کوردستان گەش بێ، وە ئەگەر بمانەوێ بە ئەمەک بین بەرامبەر بە خوێنی شەهیدانمان و ئەنفال و هەڵبجە و شاری کەرکوک، بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاری خۆشک و برا کوردەکانی بەشەکانی تری کورستان بکەین، ئەوە بە دڵنیایەوە و بە دەم گووتنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب و هەڵگرتنی ئاڵای کوردستانەوە بە خۆمان و خێزانەکانەکانمان و هەڤاڵ و دۆستەکانمانەوە بڕۆین بۆ بنکەی دەنگدان و دەنگ بدەین بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لیستی 730 کە لیستی کوردستانە لیستی ئاواتەکانمانە... بەڵێ دەنگی ئێمە مێژووە، دوا ڕۆژی کوردستانە، وەک نیو سەدە زیاتر پێشمەرگە بوونە...

کوردەکانی دانیشووی ئیتالیا بەڕێزان داوا و هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە هەموو کوردێک بەشداری دەنگدان بکات و ئەو ئەرکە مێژوویە ئەنجام بدا، کۆمونیاتی کورد بە هاوکاری لەگەڵ دەستەی هەڵسوڕێنەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەشی ئەورپا، پاس ئامادە دەکەین لە چەند شارێکی جیا جیای ئیتالیا دەچین بۆ دەنگدان، ئەمەش بە پێی نزیکی بۆ دوو شوێن دەبێ، (شاری ڤێنای نەمسا یان مۆنەکۆ/میونخ/میونشنی ئەلمانیا بۆ بەشدار بوون لەم هەڵبژاردنە تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن

1_ ناسنامە (نفوس)، پاسەپۆرت، عێراقی یان کارتە دیدێنتیتا یا تیتۆلۆ دیڤیاچۆ ئیتالی، لە کار نە کەوتبێ واتە بەرواری لەکار کەوتنی بکەوێتە دوای 2005\12\16 لەگەڵ خۆت دێنی.

2_ هەر کەسێ خاوەن کارەکەی ڕێگای پێنادە، بێت بۆ دەنگدان، ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە بکات، تا نووسراوێکی بۆ بێنین لە شارەوانی بۆ خاوەن کارەکە.

3_ داواکارین پەیوەندیمان پێوە بکەن تا ناوی بەڕێزتان و ژمارەی تەلەفۆنەکەتان لای خۆمان تۆمار بکەین بۆ زانین و پۆلین کردنی بەشداربووان.

بە تەلەفۆن
0039 333 5023980
E mail
infokurdit@yahoo. it
info@pukonline. it
hajarkhoshnaw@hotmail. com

تێبینی: بۆ هەر زانیارەکی زیاتر سەردانی سەیتی کۆمونیتا بکا www. kurd. it